خامەنەیی: گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا لە ئەستادا بەسودە

عەلی خامنەیی، ڕەبەری باڵای ئێران ڕایگەیاند، گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا لە ئەستادا بەسودە و بگرە زیانی گەورەی بە وڵاتەکە هەیە، لایەنی ئەمریکی پەشوەختە ئەنجامی دانوستانەکانی دیاریکردوە. دەشێت، "پێتاندنی یەرانیەمیان گەیاندوەتە 60% و لەم پرسە و هیچ پرسێکی تردا تسلیمی فشار نەبوین و نابین".

عەلی خامنەیی، ڕەبەری باڵای ئێران ئەمشەو لە پەیامێکی ڤیدیۆیدا بڵاویکردەوە، لە بارودۆخی ئەستادا، دانوستان لەگەڵ ئەمریکا هیچ سودێکی بە ئێوان نییە، هیچ زیانێکیشیان لە دور ناخاتەوە. ئەوەش ئەو شتەیە کە تا ئەستا و لەم ساڵانەدا تێگەیشتوە، بینیویەتی، هەستی پێکردوە و ئەزمونی کردوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، پێتاندنی یەرانیەمیان گەیاندوەتە 60% کە پێویستی وڵاتەکەیانە. بەڵام نیازیان نییە بە چەکی ئەتەمی بەکاریبهێنین و ئەو زانستەی کە هەیانە لەو بوارەدا بە هەڕەشە و بەمباران لێناو ناچێت.

خامنەیی باسی لەوەشکرد، "لایەنی ئەمریکی دەڵێت ئێران نابێت پێتاندنی هەبێت، ئەمە لەم پرسە و هیچ پرسێکی تردا تسلیمی فشار نەبوین و نابین. داوای ئەوان واتە دەستکەوتە گەورەکانی وەاتەکە و هەموو هەوە، تەچو، ئەو کەشە زەرانەی تێیانپەڕاندوە، بیکەن بە دوکەڵ و فڕێی بدەنە هەوا و لەناوی ببەن". ئەوەشیخستەڕو، لایەنی ئەمریکی پەشوەختە ئەنجامی دانوستانەکانی دیاریکردوە، ئەوە دانوستان نییە، سەپاندنی داواکانیانە و هیچ سودێکی نییە. بەیە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا لە بارودۆخی ئێستادا زیانێکی گەورەی بە وەاتە هەیە کە ڕەنگە بتوانرێت بوترێت هەندێک لەم زیانانە قەرەبو نەکراوەن.

خامنەیی دەشێیت، "10 ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ ئەمریکییەکان ڕێککەوتنەکمان واژەکرد، بەیار بو سزاکان هەڵبوەشێننەوە و پێیوەندییەکانی ئێران لە ئاژانسی نەودەوەتی وزەی ئەتەمی ئاسایی ببێتە. ئەو 10 ساڵە ئەمە کەتاییهات و سزاکان هەڵنەگیرا و کەشە ئەتەمییەکانی وەات دو هەندە زیادی کرد. ئەمە بەڵگەی لایەنی ئەمریکییە".